# شيعر ...

# ئەو سێبەرەی تاریکت ناکات




بەهزاد حەوێزی

b_hawezy@yahoo.com


-1 -

شیعر بەرپرسیەکە لە ئاست وەجد وخودی بوون وکەینوونەی ئادەمیزاد، ئەمەش کێشەیەکە ئەزەلییە داخوا ئادەمیزاد وەک شیعر چی پێدەکرێت بۆ بە خلودبوون بۆ سەروسۆراغکردنی گیای نەمری، شیعر وشەیە شیعر کتێبە کتێبیش ئادەمیزادە، ئادەمیزادیش چی لەو نهێنیە سادەیە دەوی کاتیک خودی شاعیر بوونەوەریکی پەنهان وونە .

لە نیو تەمەنی شیعرایە لە میانەی ئەو عومرە سەرکێشە وا شاعیر پاڵیداوە بە درەختی جاویدانی بوون وبۆ نەمریی لەو تاریکاییە سڵناکات و ژیان لای ئەو وەک پەرەمووچیکە و هاکە بڕیاریدا بە ئاسمانا ویلی بکات وخۆیشی بەوپەڕی بویریی وراستگۆییانە دەستەوەسان نەبێت وبێباک کۆتایی بە ژیانی بینی و بویرانە نەفرەت لەو پڕوپووچییە بکات، ئەمە بەدبینی نییە، عەبەسیەت نییە، بەڵکە لوغزیکی شاعیرانەی دەگمەنە وکەم کەس هەیە پەی پی بەرێت، ئەوە تاریکایی ناوناخ ودەروون نییە ئەوە رۆشنایی خۆناسینە ئەوپەڕی ئاگایی لە ئیشق وژیان وبڕیاروەرگرتن، ئەوە هەڵویستیکی دەگمەنەولەدواییشدا کۆمەڵەنهێنییەک لەگەڵ خۆیدا حەشاردەدات، تراجیدیایە .. ئەوانە بڕیاری ژیاندۆستییەکی سەیریان دا بە کوشتنی خودی ژیان ونەفسی خۆیان و لاکردنەوە لەو مردنەی سادەوورد بەقەد مشتەخۆڵی نیو یەک لەپی دەست .

ئەوانەی بڕیاری ئەوەیان داو لە سێبەری شیعرا بوو بۆ رۆشنایی نەمریی هەنگاویان ناو سڵیان لە کۆتایی نەکردەوە، چونکە ئەوە سێبەری شیعرە ئەو بەخشش وکۆششەیان پیرۆز دەکات و لە ئازاروئەشکەنجەی گیانەڵای مەرگیان قورتاردەکات و خۆرەتاوی مەزنییان پی دەبەخشێت، هەڵبەت بە شاکارەکانیان، ئەوانەی هەرگیز نیگەران نەبوون لە نیوان تاناتۆس



created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

وئیرۆس دا، بەلکە بەرجەستەکەری ژیاندۆستیەک بوون هەقیقی وراست ودروست ورەوا، بە رای هەندیک هەرئەمەش بووە مایەی نائومێدیەکی لەناکاو واتە بەدبینی وخۆکوشتن، دیارە کێشەکە لە قەیرانی خودەوەیە ئەویش پەیوەستە بە شاعیریەتی وشیعر وهیواوژیان، ئایا ژیان لەهەندە ساتەوەختی دیدا هێندە سادەوسووکە ئەوەندە نەهینی مرۆڤ بەلای چیژو زەوق ورابواردن دابچێت، بەلکە بەلای خۆلەناوبردن نەک بە پیچەوانەوە، ژیان لە سادەییدا بیمانایە لە قووڵیشدا حەسرەتبارە، بەڵام شیعر دەبتە مایەی فەنابوون، ئەگەر وایە چ پەیامیکی بۆ مرۆڤایەتی وهەقیقەت پییە ؟؟ .

شیعر هەرگیز مایەی مەرگ نییە، بەلکە مایەی ژیاندۆستی وزیندووکردنەوەی خودی ژیان وئادەمیزادە،

بەڵام بە شیوەیەکی دی بەدیویکی دیکەی زۆر نادیاروحەشاردراو، وەکو ئەوەی خودی ئەوکەسانە تیی دەگەن وشیدەکەنەوە وسەرلەنویش تاڵ تاڵ بەهرەمەندانە دەیچننەوە، نموونەمان لەو رووەوە زۆرن لەو داهینەرە جیهانیانە لەوانەی خودان شاکاری مەزن وبێوینەن، ناو و کارو بەرهەمەکانیان وەک ئەستیرە بەئاسمانی نەمریدا دەدرەوشینەوە، سەربردەی ژیانیشیان تەژیە لە هەڵبەزودابەزوبەرزی ونزمی (مایکۆفسکی) تەنیا (37) ساڵ ژیا، لەو ماوەیەدا توانی تاجی کۆماری شیعر لەسەربکات، لە ساڵی 1930 خۆی کوشت، ئەو یەکەم کەس ودواکەس نەبوو پۆشکین ویەسەنین - یشمان هەن، سیرگی یەسەنین ساڵی 1895 لەدایک بووە دوای مایکۆفسکی بە دووساڵ، ساڵی 1925 خۆی کوشتووە، مایکۆفسکی شیعریکی پرسەئامێزی بۆ دەهۆنتەوە وتیایە لەسەر ئەوکارەی لۆمەی دەکات، کەچی دوای پینج ساڵی تەواو مایکۆفسکی هەمان بریار دەدات، چ چارەنووسیکی خەمناک ودژوارە ناکری وانەڵیین گەرچی بێشک دەستیکی شاراوەی خودی خۆشیانی تێدایە وەک شاعیر .

- 2 -

بیگومان شیعر بۆ رەوینەوەی تەمی نیگەرانی وتەنیایی بی نموونەیە، هەر ئەویشە مایەی نەشئە و ئومێدبەخشی و نەسرەوتن لە بەردەم ریگەپیچاوپیچەکانی بەدبینی وئەشکەنجەو ئازاری نائومێدی و وەرەسیی، گەرچی ریچکەکانی ئەو رەوینەوەیە فرەن هەن لێوانلێو لە ئیشق وهەشن تا ئەوپەڕ ترسناک، بگرە لەمەرگیش ترسناکتر.

شیعر بۆ هەریەکیک شتیکە هەیە لای عەتری ویژدانە یا سیمبولی راموسانە یا پرووشەی بارانە یا نزای دڵشکاوانە یا شنەی بەیەکگەیشتنی ئاشقانە یا دەرمانی تەنیاییەو



created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

...تد، وەلی لەیەک سەرچاوەوە هەڵدەقووڵێ ئەویش : جەستەیەکی لیکترازاو و گیانیکی پەرت و ناخ ودەروونیکی بە کەفوکووڵە .

شاعیر دەڵێت : لە وەتەی لەگەڵ ئەو هاورییە دەستمان لەبەرۆکی یەکناوە، ئیدی تۆزقاڵیک وچان بۆ سەرخەویک یا ژوان نەماوە یا دەرفەتی سەروسۆراغکردنی ئەندێشە یا شەرم لە رووتبوونەوەورازدرکاندن، ئەو هەمیشە وەک باران وەک فرمیسک وایە نەک تەنیا تەروروون، بگرە رەهاو شکۆدارو مەزنیش .

لەو زمانەراستگۆو پاراو و پوختەدایە ئەو نم نمەیەی بە ئاستەم ورۆمانسیانە لە شوشەی پەنجەرەی نەست وئەندێشە دەدات، ئینجا وەک موچرکیکی بەر هەناسەیەکی تەزیو ختوکەی رۆحی تینوو بە وشەوو چنینەوەو شیعر دەدات، تۆ چی دەکەیت لەو حاڵەتەدا ناچاری ملی ریبگریت ونادیدە روو لە مەعبوودەکەت بکەیت .

مانا لەچیدایە لە ئانوساتی سروشبەخشیی یا وادەی هەڵرژتن یا خاکی هۆش تەرکردن یا هەنسکی نیو مرواری تنۆکەکان یا شنەی دوای ئەنگاوتن، رەنگە هەریەکەوبەلایەکدا بۆی بخوینی، بەڵام بەلای من لە رەوزەنی گزنگبەخشیی وەجدە، لەو ساتەوەختەی تۆ هەرگیز پەی بەو داوە دەزووە باریکەنابەی، کە بی بینینی بە نیو ئەو کەینونەیەدا رەتبووە، لە شوینکاتدا بەدەرە لە هەر دەستیوەردانیکی دەست وپەنجە .

فرووغی فروخزاد دەڵی (( من لە بەیانیەوە تا ئیواری کە دەروانم دەبینم شتیک لە حاڵەتی تەقینەوەدایە، بۆیە کە دەمەوی شیعر بڵیم ناتوانم خیانەت لە خۆم بکەم ....))

چۆن ناپاکیی لەگەڵ خۆتدا دەکەی کاتیک رووەراستگۆییەکەی شیعر وەک شەتاو زەوتی کردووی، هەرگیز ناکری ئەوە حاڵەتیکی زۆر دەگمەنەو شاعیریش بە جەسارەت وراستگۆیانە دانی پیادەنێت، بۆیە دوورە لە رواڵەتی فریودەری هەست ونەست ومگێزو سەلیقەیەکی بێتام وبیرەنگ .

ریبواریکی ریگەی دووری شەکەتی تاکوتەنیا لە پەناوداڵدەیەک دەگەری یا تۆزی بیر لە گەیشتن بکاتەوە یائەوەتا سەرخەویک لە ژیر سێبەری داریک بشکینی، دەزانی چ لە هەناسەوهەمێزی ئەو سێبەرەدایەو تەنیایی و ماندوویی لی کەمدەکاتەوە و وەک هاورییەک وایە بۆی ! شاعیر نەک هەر درەختی جاویدانی سێبەری لێدەکات کە ونبوونی نییە، بەلکە وەک وەحی بە کیان وهەناویدا ئاوا رۆچووە تیشکی لیوە بۆ دیدەو هزر دەچێت، چونکە ئەو هەمیشە لەسەفەردایە سەفەری شیعر وژیان وخۆکوشتن وفەنا .



created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

شیعر زادەی حاڵەتیکی شێتییە یان گۆشەگیریی یان ئەوپەڕتەنیایی، یان تەواوکەری حاڵەتیکی ئینسانییە بەدیوە نەبینراوەکەی ؟ ئادەمیزاد هەمیشە پیویستی بە رەگەزیکی دیکە هەیە زۆر جار مرۆڤ ئەو رەگەزە لە نیو خودیخۆیدا بەدی دەکات، بەڵام بە ململانەیەکی بیکۆتایی تاوای لێدێت یا دەستبەرداری کەینوونەی دەبێت یا ژیان، هەندەجاریش پیخۆشحاڵە هاورییەکی بەوەفای وەک شیعری لامیوانە .

شیعر لەوەزیاترە وەک هاورییەک بێت، چونکە ئەوەی لە شیعرا بەدیدەکرێت زۆر رەهاترو ئازادانەترە لەوەی لەهەر شتیکی دیکەدا هەبێت،چوون خودی شیعر زادەی رەهایی وئازادیەکی بی سنوورە، ئەوەیشی بیەوی شیعر کۆت بکات ئەوە وەک ئەوە وایە بیەوی ئاوی دەریا بە بیژینگ چک پێبکات، شیعر قەت لەگەڵ دیلی وزنجیردا ناگونجی لەگەڵ ریساو یاسا دەستکردەکان، چونکو زادەی سروشتە بەهەموو جوانییەکانیەوە بەهەموو دیوەکانییەوە .

فرووغی فروخزاد جەخت دەکاتە سەرئەوەی کاتی بە شیعر دەگات بە ئاسانی وبی پەردە دەردی دڵی خۆی بۆ هەڵدەرێژێت پیی وایە جووتیکەو تەواوی دەکات بیوەی ئازاری بدات ...تد، مەگەر دوو کەس یەکتریان پی تەواو دەکرێت کەس دەبێتە تەواوکەری ئەوی دیکە، ئەگەر وابێت چۆن، ئەمە دەوروخولی بازنەیەکمان پی دەدات وابەسانایی لیی دەرباز نابین نەخاسمە گەر یەکیکیان شیعر بێت، بەڵام داخوا شیعر کەسە ؟؟!! .

شیعر بۆ شاعیران نوری ویژدانە، بەندە بەو گەوهەرە جاویدانیەی رۆحی، بە چارەنووسی بە هەستونەستی بە رەگوریشاڵی ئەو درەختەوە، کە سێبەری بوون ونەبوونی تەنیوە و رۆشنایی دەخاتەوەو تاریکایی راودەنێت .

هەولێر2007/7/20



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image